# دەنگێك لە كەركوكەوە

## بەشی یەكەم

**كاوێزمەلاپەروێز**

**كەركوك**

k_mlaprwez@yahoo.com

**پێشنیارێك بۆ بەرێز مام جەلال و م.س.یەكێتی بۆ دەستنیشانكردنی كاندیدی یەكێتی بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی حكومەتی كوردستان.**

**لە بەغدا كورد داوای پۆستی سیادی(سەروەری)دەكات و بە هێلی سووریشی دەزانێ و دەست بەرداریشی نابێ...پۆستەكانی بەغدا بە لای كوردەوە زۆر گرنگە و مشتومری زۆری لەسەر دەكات وەلێ بۆ پۆستەكانی حكومەت و سەرۆكایەتی كوردستان بێ قرە دابەشی دەكەن و كەسیش وەدەنگ نایات..كە دەرئەنجام كەركوك لەو پۆستانە بێ بەش دەكرێت ئەم دەنگەی من لە كەركوكەوە تەنها پەرۆشیە بۆ ئایندەی ئەم شارە بۆیە دەنگ هەڵدەبرم دەمەوێ هەم سەركردایەتی كوردستان وە ئاگا بێتەوە و هەمیش ی.ن.ك لەو ئەزمەیە دەرباز بێت كە بۆ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لێیكەوتوەتەوە لە نێو پالێوراوانی هەولێرو سلێمانی...سەرۆكایەتی هەرێمیش یەكلا كراوەتەوە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش دیاری كراوە ئەوەی ماوەتەوە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانە كە بەر یەكێتی دەكەوێت و ئەگەریش یەكێتی بیەوێ لەو ئەزمەیە دەربازی بێ و پالێوراوی خۆی بۆ ئەو پۆستە بێ قات و قر دەستنیشان بكات باشترە ئەو پۆستە بدرێتە كادرێكی كەركوكی نێو یەكێتی نیشتمانی كوردستان.**

**سەرچاوەكانی هەواڵ ئەو راستیە دووپات دەكەنەوە كە چانسی بەرێز عومەر فەتاح بۆ ئەو پۆستە زۆرە لە بەر ئەوەی ناوبراو خەلكی شاری سلێمانیە..هەر چەند بەرێز فەتاح وەرگرتنی ئەو پۆستەی رەتكردوەتەوە وەلێ سەرچاوەكانی نێو یەكێتی ئەوەیان راگەیاند كە بەم زووانە لە بەغدای پایتەختی ئێراق مەكتەبی سیاسی بە سەرپەرشتی سكرتێری گشتی كۆ دەبێتەوە و عومەر فتاح بۆ ئەو پۆستە دیاری دەكرێت.**

**بە لامەوە سەیرە كەركوكێكان لە نێو كێبركێ ئەو پۆستە گرنگانە ناویان نایات خۆ دەكرێ هەر بۆ چارەسەر كردنی ئەو ئەزمەیە كەركوكیەك بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان بكرێت؟!.**

**لە زۆر رووەوە گرنگە ئەو پۆستە بۆ كەركوكیەك بێت چونكی كەركوكیەك باشتر لە ئازارو ئەندێشەی كەركوك دەگات و باشتر دەتوانێ دەست بخاتە سەر برینەكانی ئەو شارە زامدارە..ئەگەر بریارە كەركوك شارێكی كوردستانی بێت دەبێ لە حكومەتی یەكگرتووی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێم كەركوكیەك بونی هەبێ لە هەرەمی دەسەلآتدا,ئەگەریش ئەو گومانە بوونی هەبێ كە بایەخی كەركوك هەر بە دروشمە ئەوە دەبێتە راستیەكی حاشە هەڵنەگر كە پۆستەكانی بالآی حكومەت دابەش دەكرێ لە نێو سلێمانی و هەولێرو دهۆك و كەركوكیش بەشی دروشم و پیا هەڵدان دەبێ..**

**لەسەرەتایی ئەم بابەتە باسم لە مشتومری سەركردایەتی كوردستان كرد لە گەل لایەنە ئێراقییەكان بۆ یەك لە پۆستە سیادیەكان ئەمە حەقە ئەگەر لەو روانگەیەوە بێت كە مافەكانی كورد ژێرلێو نەكرێ وەلێ هەر لەو روانگەیشەوە گرنگە یەك لەو پۆستە بالآیانەی كوردسنتان بۆ كەركوك بێت كە هیچ نەبێ لایەنی كەم ئەوە پەیامێكی درووستی سەركردایەتی سیاسی كوردستانە بۆ خەلكی كەركوك و رەوینەوەی ئەو گومانەیە كە درووست بوە لای خەلكی كەركوك بەرامبەر سەركردایەتی سیاسی كوردستان.**